# بایکۆت
پاشکۆی تایبەت بە هەڵبژاردن

# ئۆکتۆبەر
www.hkkurdistan.org

ژمارە (1)   22/2/2010   بڵاوکراوەیەکی سیاسییە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەریدەکات


# ئاژاوە و تەقەکردن وبەستنی ڕێگاوبان وتێکدانی ئارامی هاولاتیان، نیشانەی نادیموکراتی بوونی هەڵبژاردنەکەتانە!

هێشتا سەرەتای بانگەشەی هەڵبژاردنە بەلام ڕقەبەری و نانەوەی ئاژاوە و فەوزا لەلایەن لیستی هاوپەیمانی و گۆڕانەوە ژیانی دانیشتوانی خستۆتەبەرمەترسی شەڕو ئاشوبەوە. شەوی 16/2 لەشاری سلێمانی پێکداهەڵپرژران و دەست بردن بۆچەک وتەقەکردن لەنێوان لیستی هاوپەیمانی وگۆڕاندا فەزای شاریان بەرەو بارگرژی بردو ترس ودڵە ڕاوکێیان خستە نێو دڵی هاولاتیانەوە. ئەم ڕوداو و پێکداهەڵپرژانە کەبەشەپۆلێک لەدڕاندنی پوستەرو ڕژاندنی بۆیاخ وهوهاکێشان لەبانگەشەکەرانی یەکترو کۆمەڵێک هەڵسوکەوتی ناشارستانیانەی تردا تێپەڕی، سەرەنجام لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە بەتەقەکردن و بریندابوون ودەستگیرکردنی لایەنگرانێکی گۆڕان بەشێوەیەکی کاتی کپ کرایەوە. بەلام شەوی دواتر وەک مانۆرێک بۆ تۆڵەسەندنەوە و نواندنی هێز، لیستی گۆڕان خەڵکانێکی هێنایە نێو شەقامی سەهۆڵەکە و دیسانەوە کەشو هەوای بارگرژی خۆی کێشایەوە سەر سینەی هاولاتیان. لەلایەکی تریشەوە ڕاگەیاندنەکانی هەردوو لیستی ناوبراو بەرامبەر بەم ڕووداوە یەکتریان تۆمەتبارکرد و کەوتنە حاڵەتی پەمپ کردنی لایەنگرانی خۆیان و بەم شێوەیە فەزای بارگرژی و ئاشوبیان وەک بەڵایەک بەسەر سەری خەڵکەوە درێژە پێداوە.

لەچوارچێوەی ئەم بارودوخەشدا خەڵکی شارەکانی کەرکوک و خانەقین و ناوچەی گەرمیان بەهۆی ئەم ئاژاوەگێڕییەوە لەبەردەم ڕوودای هاوشێوەی شاری سلێمانی و بگرە خراپتردا، راگیراوە و کەس نازانێت بەچ کارەساتێک تەواو دەبێت. ئەم ڕووداوانەی شاری سلێمانی و هەڵسوکەتێکی ناشارستانی کەلەبانگەی هەڵبژاردنەکاندا گیراوەتەبەر ئەوە دەسەلمێنێ کەلیستی دەسەلاتدار ئامادەیە بۆ ملشکاندن و وەدەرنان وترساندنی نەک هەر تەواوی ئیدعای دەنگدەرانی نەیاری خۆی دەست بۆ ئۆپەراسیۆنی سەرکوتگەرانە و گرتن و کوشتن بەرێت. هاوکات ئەم ڕوودااانە سەلمێنەری ئەوەیە کەلیستی گۆڕان لەشەڕی تۆڵەسەندنەوە و گرتنی دەسەلات و وەدەرنانی کۆنە حەریفی خۆیدا پەنا بۆ هەر ڕەوشتێکی ناشارستانیانە بەرێ، تەنانەت ئەگەر بەتێکدانی ئارامی و ئاسایشی هاولاتیانیش تەواو ببت. ڕوووداوەکانی شاری سلێمانی ورەوشێکی بارگرژی کەئەم دوولیستە ڕکەبەرە بەسەر فەزای شاردا دایان سەپاندووە،

بۆ لاپەرە 2

## ئاسایشی پارتی لەزاخۆ و ئاسایشی یەکێتی لەسلێمانی!




لەگەڵ دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان و توندبوونەوەی ڕقەبەری و ململانێی لیستەکانی بەشدار لەهەڵبژاردندا، ڕووبەڕوو بوونەوەکان لەئاستی دڕاندنی لافیتەو پۆستەرو ناشرین کردنی وێنەی کاندیدەکانی یەکتردا نەمایەوە و بەرەو قوناغی پێکهاتنی فەزای بارگرژی و پێکدا هەڵپرژان وتەقەو هەڵکوتانە سەر بنکەی بانگەشەی هەڵبژاردن هەڵکشاوە. لەزاخۆ هێزێکی ئاسایشی پارتی کاتژمێر 11ی شەوی چوارشەممە 18/2، هەڵیانکوتاوەتە سەر ژمارەیەک لەئەندامی یەکگرتووی ئیسلامی و لەکاتی هەڵواسینی پۆستەری لیستەکەیاندا، حەوت ئەندامیان دەستبەست کردووە. لەسلێمانیش بەهۆی پێکدا هەڵپرژانی لایەنگرانی لیستی گۆڕان و هاوپەیمانێتی چەندین جار حاڵەتی تەقەکردن وکوشتن وبریندارბوونی هاولاتیان ڕووی داوە. هەروەها هێرش وپەلاماردانی پەیامنێران ورۆژنامەنوسان و نەیارانی سیناریۆی هەڵبژاردن، چەند حاڵەتێکی نایاسایی و درێژی کردن و لێدان ناشارستانی بەرهەمهێناوە ولەم پەیوەندەشدا 3حاڵەتی دەست

بۆ لاپەرە 2

## پەنابەران بایکۆتی هەڵبژاردن دەکەن و خۆپیشاندان لەسلێمانی و لەندەن بۆبەدیهێنانی داخوازیەکانیان بەڕی دەخەن!

لەبەیاننامەیەکدا دەشتی جەمال سکرتیری فیدراسیۆنی پەنابەران داوای لە پەنابەرانی کوردستان لەدەرەوەی ولات کردووە کەبایکۆتی هەڵبژاردن بکەن و دەنگی خۆیان نەکەن بەڕێگایەک بۆ مانەوە وشەرعیەت پێدانەوەی دەسەلاتێک کەبازرگانی بەچارەنوسی پەنابەرانەوە دەکات وهاوکاری دەوڵەتانی ئەوروپا دەکات بۆ ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران. لەلایەکی تریشەوە بەپێی ڕاگەیاندنێک کەلقی کوردستانی فیدراسیۆن بلاوی کردۆتەوە بڕیارە 25 مانگ لەبەردەرکی سەرای شاری سلێمانی خۆپیشاندانێکی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان بەڕی بخرێ، بەمەبەستی خستنە ڕووی داخوازیەکانیان. لەوانە کار یان بیمەی بێکاری، تەعویزی پەنابەرە دیپۆرت کراوەکان وکۆمەک کردن پێیان بۆ دووبارە دەست پێکردنەوەی ژیانێکی شایستە. دەقی بەیاننامەی دەشتی جەمال لەلاپەڕە 4 بخوێننەوە.




## پەرلمان وە یان کابینەی سەرۆک وەزیران نیوەشی ژن بێت، کێشەی ژنان چارەسەر نابێت!

گفتوگۆ لەگەل ئالافەرەج لەبارەی هەلبژاردن و پرسی ژنان   لاپەڕە 3

## هەڵبژاردنو گەڕانەوە بۆ کێبەرکێی تیرەگەریی

لاپەڕە 3

# ژنانی کوردستان! دەنگ مەدەن و بەشداری مەکەن لە هەلبژاردنی پەرلەمانی فرەژنیدا!

## سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالان، داوای قەدەغەکردنی بەکارهێنانی منالان لەبانگەشەی هەڵبژاردندا دەکات!

بەکارهێنانی منالان لەبەنگەشەی هەڵبژاردندا لەلایەن هەموو لیستەکانەوە درێژەی هەیە. دانانی منالان لەپشتی پیکاب و ڕەنگ کردنی دەموچاویان بەڕەنگی لۆگۆی لیستەکان وبەرزکردنەوەی ئالاو پۆستەرو دروشمی لیستەکان لەنێو ئاپوڕەی لایەنگرانی لیستەکان لەلایەن منالانەوە، یەک دیاردەی بلاوی نێو بانگەشەی هەڵبژاردنە. لەم بارەوە سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالان ئەم دیاردەیە ئیدانە دەکاو وەک حاڵەتێکی ناشارستانی لەقەڵەمی دەداو داوای قەدەغەکردنی دەخاتە بەردەم بەرپرسیارانەوە. لەبەیاننامەیەکدا کەسەنتەری ناوبراو بلاوی کرۆتەوە و وێنەیەکی دەست بلاوکراوەی ئۆکتۆبەر کەوتووە، هاتووە: " منالانێکی زۆر لە سەرجەم لایەن وقەواره سیاسیەکان بەکار دەهێنرێن بۆ مەبەستی بانگەشەو پڕوپاگەندەی سیاسی لەکاتێکدا ئەمە جگەلەوەی توندوتیژیەکی ئاشکرایە دەرهەق بەمنالان دەکرێت، هاوکات پێشێل کردنێکی تەواوی مافەکانی منالانە کە هیچ جیاوازی نی یە لەگەڵ ئەوەی کە کار بەمنالان بکرێت یان سواڵیان پێبکرێت یان بۆ کاری سیاسی بەکار بهێنرێت. ئایا ئەوە ئازاردانی جەستەیی منالان نی یە کەلە جیاتی یاریکردن لە باخچەی منالان سواری پیکابێکی سەربەتاڵ دەکرێن و ئەسوڕێنرێنەوە بە شەقامەکاندا؟" بەیاننامەکە لەکۆتایدا سەرەڕای ئەوەی دەسەلاتداران بەرپرسیاردەکا، هاوکات داوا لەکۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان دەکات کەبڕیاری پێویست لەم بارەوە دەربکا وهەموو لیستەکانی پێوە پابەند بکات تادەست نەبەن بۆ بەکارهێنانی منالان لەبانگەشەی هەڵبژاردندا. لەلایەکی تریشەوە بەیاننامەکە ئاماژە بەوە دەکات کە"ئەرکی بەڕێوبەرێتی پەروەردەوە و لایەنی پەیوەندیدار ودایکان وباوکان وبەڕیوەبەرایەتی قوتابخانەکان وسەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندنە کەڕۆڵی خۆیان بگێڕن تا منالان نەخرێنە نیو چوارچێوەی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە". شایانی باسە بەکارهێنانی منالان وڕاکیشانیان بۆ نێو سیاسەت وئایدیۆلۆژیا و بانگەشەی هەڵبژاردن لەلایەن لیستەکانی کوردستانی و گۆڕان و ئیسلامیەکانەوە لەکاتێکدایە کە هەموو ئەم لیستانە بەڵێنی باشکردنی ژیانی منالانی کوردستان دەدەن و خۆیان بەم مافەوە هەڵدەواسن و ڕۆژانە دڵسۆزی بۆمنالان دەبخەشنەوە!!

بلاوکراوەی ئۆکتۆبەر

## بلاونەکردنەوەی وێنەی ئەم ژنە کاندید کراوە لەبیرکراوە یان شتی تر..؟




بەپێی سوننەتی باوی بانگەشەی هەڵبژاردن هەرکەسێک لەچوارچێوەی هەر لیستێکدا خۆی کاندید بکات وێنەی خۆی بلاو دەکاتەوە تا دەنگدەران بیناسن و بتوانن بەشێوەیەکی هوشیارانە دەنگی بۆبدەن بەلام لەلیستی کاندیداکانی پارێزگای کەرکوکی گۆڕاندا کاندیدای ژمارە 12 بەناوی سوهەیلە محمد علی سلێمان کەرکوکی، بەبێ وێنە بلاوکراوەتەوە و ئەمەش گومانی زۆر لای هاولاتیان دروست دەکات. بەلام پێناچێت بلاونەکردنەوەی وێنەی ئەم ژنە کاندید کراوە هەڵەیەکی هونەری یان لەبیرچوونەوەیەک بێت، بەلکو پێدەچێت لەپشتی ئەم حاڵەتەوە هۆکاری تر هەبن بەتایبەتی ئەمە دووم حاڵەتە کەلە بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەمجارەی نوێنەرانی پەرلمانی عێراقدا دەبینرێ. پێشتر "ئوم سجاد" ژنە کاندیدی یەکێک لەقەوارە سیاسیەکانی خواروی عێراق بەهۆی پێوانەی ئاینی و شەریعەتی ئیسلامی‌یەوە ڕێگەی پێنەدراوە وێنەی خۆی لەپۆستەری بانگەشەی هەڵبژاردن بداو بەناچار وێنەی مێردەکەی لەشوێن داناوە. بەلام ئەم حاڵەتە بۆ بزوتنەوەیەک کەناوی "گۆران و گۆرانخوازی" لەخۆی ناوە گومانێکی زۆر دێنێتە ئاراوە ونیشانەی پرسیاریش لەسەر بەرنامەو هەڵسوکەوتی ئەم بزوتنەوەیە دادەنێ!

# ئەم هەڵبژاردنەو ئەنجامەکەی پێچەوانەیە بەبەرژەوەندی‌یەکانی کرێکاران وزەحمەتکێشان.. بەشداری تێدامەکەن ودەنگی خۆتان بە فیرۆ مەدەن!

بەدوای داگیرکاری و ڕوخانی حکومەتی بەعس و تێکڕمانی بنەمای ئابووری و کۆمەلایەتی وبەهەولی ئەمریکا، دەوڵەتی عێراق سازدرایەوە و حکومەتێکی کۆکتێل لەچەند حیزب ولایەنی میلشیایی ناسیۆنالستی عەرەبی و کوردی و ئیسلامی وسەرۆکی تایەفەو عەشیرەتەکان پێکهات. بەرهەمی 7 ساڵی ڕابردووی ئەم حکومەتە و شەڕو ڕێکەوتنی نێوان ئەم هێزانە لەچوارچێوەی دەسەلاتێکی کۆنەپەرستانە ونا جێگیردابووە، ئەویش لەسەر حسابی ژیانی ملیۆنەها هاولاتی بێتاوان و ڕاکێشانیان بۆ نێو سیناریۆی ڕەشی شەڕو کوشتارو تەقینەوە و ئاوارەیی و نائارامی.

ئێستاش ئەم هێزانە کەلەتوازنێکی تازەی دابەشکردنەوەی ئەم دەسەلاتە شەق وشڕەدا بەرەو سیناریۆی هەڵبژاردن دەڕۆن تا جارێکی‌تر کورسیەکانی دەسەلات لەنێوخۆیاندا دابەش بکەنەوە، گەرەکیانە شەرعیەت بەتاوان وکارنامەی دزی وگەندەڵی و کوشتارو شەڕی قەومی وتایەفەیی نیوانێان بدەنەوە .

بەلام ئەم سیناریۆی بەناو هەڵبژاردنەی کەبڕیارە لەمانگی داهاتوودا نوێنەرانی دەستەو تاقمی کورنەپەرستی ناسیونالیستی عەرەبی و کوردی و ئیسلامی و سەرۆک عەشیرەت وتایەفە و حیزبە میلیشیایی و مافیاییەکانیان بەرێتە نێو پەرلمانی عێراقەوە، نە هەڵبژاردنە و نە دیموکراسیە ونە هەلومەرجی دەنگدانی ئازادانەی لەبەردەم هاولاتیاندا فەراهەم کردوە. بەتایبەتی کەیاسای هەڵبژاردنی پەسەندکراوی هەرئەم دەستەو تاقمانە بەپشت بەستن بەدەستوری کۆنەپەرستانەی عێراق و بەدوای دەورەیەک لەشەڕ و کێشمەکێشی نێوانیان، کۆمەڵە قەیدوبەندێکیان دانا تا لەپێشەوە کورسیەکانی پەرلمانی داهاتووی عێراق، بەسەر خۆیاندا دابەش بکەن و هیچ ئعتبارێکیش بۆ دەور ودەنگدانی خەڵک نەهێڵنەوە، ئەم هێزانە بە ڕاشکاوانە لە"دیموکراسی موحاسەسە"دا ڕێکەوتوون ولە پشت سەری خەڵکەوە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانیان وازۆ کردووە. بانگەشەیەکیش کەبۆ هەڵبژاردنەکەیان سازیان کردووە، بۆئەوەیە خەڵکی بخەنە ناو چوارچێوەی سیاسەتی فریوکارانەیانەوە و ژیانی هاولاتیانی مەدەنی عیراقیش بەنێو شەپۆلێکی تر لە تیرۆرو کوشتار و ئینسان کوژی و دزینی پارەو داهاتی کۆمەڵگا و توندبوونەوەی ڕقبەری قەومی وئاینیدا تێدەپەڕێنن .

حیزب ولایەنە بۆرژوا ناسیۆنالستەکانی کوردستان کەلەم سیناریۆیەدا بەشدارن، چ ئەوانەی ئێستا دەسەلاتی میلیشیایی ناوچەیی‌یان بەدەستەوەیەو چ ئەوانەی لە"ئۆپۆزسیۆن"دان، جگەلەوەی شەریکە بەشی تاوانەکانی خەڵکی عێراق و کوشتارگایەکن کەبەدژی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و خەڵکی مەدەنی عێراقدا بەڕێ خراوە، ئەم هەڵبژاردنەیان کردۆتە ڕێگایەک بۆ ئامانجی فراوان کردنەوەی بازاڕی گەندەڵی و بەدەستهێنانی سەرمایەو بردنی بەشی زۆرتری بۆدجە وداهاتی نەوت و سەرەنجام قایمکردنەوەی دەسەلاتی کۆنەپەرستی ناوچەیی‌یان بەناوی کوردایەتی‌یەوە،، ئەمەش لەسەر حسابی ڕاگرتنی خەڵکی کوردستان لەسەرگەردانیدا بۆ دەورەیەکی تر بەدیار گێژاو قەیران و پشێوی وشەڕی نێوان دەستە وتاقمی قەومی عەرەبی و ئیسلامی‌یەکانی عێراقەوە. کەدیارە بۆ کرێکاران و خەڵکی کوردستان بەنرخی تەحمولکردنی سالانێکی‌تر لەپشێوی و گرانی وبێکاری و گەندەڵی و سەرکوت و دەیان دەردومەینەتی تەواو دەبێت.

## کرێکاران، زەحمەتکێشان! لاوان، ژنانی ستەمدیدە! خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

هێزەکانی بۆرژوازی کورد کەلەم هەڵبژاردنەدا خۆیان لەلیستی هاوپەیمانی و گۆڕان و لیستی ئیسلامیدا سازداوە، هەموویان لەو ئامانجەدا هاوبەشن کە کوردستان بەدەوڵەتی عێراقی عروبی وئیسلامییەوە ئیلحاق بکەنەوە و نایانەوێت لەگێژاوی شەڕو کوشتاری تیرۆریستان وشەڕی نێوان دەستەوتاقمی قەومی وئیسلامی عێراقی دابڕن وجیای کەنەوە، تەنانەت نایەناوێت دەسەلاتی میلشیایی کۆتایی بێت ودەوڵەت لەکوردستان دابمەزرێت. تەنانەت ئەم لیستانە کەخۆیان وکوردستان بەبەشێک لەعێراق دەزانن ئامادەنین ونەیان ویستووە لەبەرامبەر خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و هاولاتیانی عێراقیدا لەبەرەی عەلمانی و مافی هاولاتی بوونی یەکسان وخواستە مەدەنیەکانی ئەم وولاتەدا بۆ هێنانەکایەوەی دەولەتێکی سکولار ومودێرن ڕاوەستن، تەنانەت خوازیاری هەڵوەشانەوەی دەستوری کۆنەپەرستانەی عێراق نیین و بگرە هەموو هەولیان بۆ خۆگرێدانەوە و ڕێکەوتنە لەگەڵ ئەم یان ئەو دەستە وتاقمی ئینسان کوژی قەومی و ئیسلامی‌یە .

ئەم لیستانە کەبەدروشمی "کوردایەتی وگێرانەوەی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان وباشکردنی ڕەوشی ژنان" وە لەهەوڵی فریودانی خەڵکی کوردستاندان تا لەم هەڵبژاردنەدا دەنگیان پێبدەن، درۆیەکی ئاشکرا لەگەڵ هاولاتیاندا دەکەن. کارنامەی 18 ساڵی ڕابردووی دەسەلاتدارێتی بۆرژوازی کورد و حزبە چەکدارەکانی و هاوکاتیش تەجروبەی 7 ساڵی بەشداری کردنیان لەعێراقی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسدا، هەر بەوەهمی ئەم کوردایەتیەوە بووە کەژیانی فیرعەونی و پێکهێنانی سەرمایەو داهاتی زۆریان بۆخۆیان ودەوڵەمەندان ومفتەخواران سازکردووە و لەولاشەوە ژیانی زۆرینەی خەڵکیان لەنێو گرانی ونەبوونی وبێدەرەتانی و بێخانەولانەیی و نەبوونی خزمەتگوزاری وشەڕو پشێوی وتوبارانکردنی سنورەکان وناچارکردنی لاوان بە هەڵهاتن و پەرەگرتنی کوشتنی ژنان وگرتن و لێدانی ڕۆژنامەنوسان و دەیان دەردو مەینەتی‌تردا ڕاگرتووە. گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان و کەرکوک بۆ ژێر سایەی دەسەلاتی بۆرژواناسیونالیستی کورد وحیزبە میلیشیایەکانی دەتوانێ چ خزمەتێکی زیاتر بێت لەوەی کەئەم لیستانە لەڕابردوودا پێشکەش بەخەڵکیان کردووە. خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی شاری کەرکوک کەتائێستاش ئاساواری ئاوارەیی و دەربەدەری لەولاتی خۆیاندا لەسیمایان نەسڕاوەتەوە، چ دەستکەوتێکیان لەوەی کەلەماوەی 7ی ساڵی نفوزو دەسەلاتی بزوتنەوەی کوردایەتی لەم شارەدا بەنسیب دەبێت ئەگەر بخرێتە ژێر سایەی دەسەلاتدارانی ئێستای کوردستانەوە؟ بوونی ئەم شارە بەوێرانەو کەلاوەیەک بەسە بۆئەوەی کە هیچ کەس باوەڕ بەتەبلیغات وبەڵێنی لیستەکانی بەشدار لەم هەڵبژاردنەدا نەکات. بەڵێنی باشکردنی ڕەوشی ژنانیش لەڕێگای ئەم هەڵبژاردنەوە لەهەموو درۆیەکتریان ئاشکراترە. بەتایبەتی کەکوشتنی ژنان و توندوتیژی وناچارکردن بەخۆسوتاندن و ئاپارتایدێک کەبەسەر ژنانی کوردستانەوە هەیە ئامارەکانی ڕۆژانە لەبەردەم ڕای گشتی دایە. بڕیاری پەسەندکردنی فرەژنی پەرلمانی کوردستان بەسە بۆ سەلماندنی بەڵێنە درۆیینەکانی ئەم لیساتانە .

بۆرژوازی وسەرمایەدارانی کوردستان وبزوتنەوەی کوردایەتی بەئامانجی بازاڕو سەرمایەو دەسەلاتی خۆی گەیشتووە و هەوڵی لیستەکانی بەشدار لەم هەڵبژاردنەشدا تەنهاو تەنها بۆ زیادکردنی بەرژەوەندیە سیاسیو ئابووریەکانی ئەم چینە و بۆ شەرعیەتدانەوەیە بە مانەوەی دەسەلاتی حیزبە ناوچەیی و میلیشیایی‌یەکانیان و مانەوەیانە لەچوارچێوەی ڕێکەوتنیان لە گەڵ هێزە کونەپەرست و میلیشیەکانی ناسیۆنالستی عەرەبی‌و هێزە ئیسلامیەکاندا. هەربۆیە کرێکاران و زەحمەتکێشان وخەڵکی ئازادیخوازی کوردستان نابێ بەپێچەوانەی بەرژەوەندی خۆیانەوە بجولێنەوە و بەبەشداری کردنیان لەم هەڵبژاردنەدا بوونی خۆیان و دەنگیان بکەنە زەخیرەو ئامڕازی بەدیهێنانی ئامانج و سیاسەتەکانی بۆرژوازی وسەرمایەدارانی کورد وحیزبەکانی. بەڵکو دەبێ هوشیارانە و لێبڕاوانە سیناریۆی پوچی هەڵبژاردن ریسوابکەن و بەشداری تێدا نەکەن. ڕێگای ڕزگاری و پێکهێنانی ئالوگۆڕی ریشەیی بۆ خەڵکی و کوردستان ڕێگای خەباتی چینی کرێکارو کۆمۆنیستەکانە، ڕێگای دامەزراندنی دەوڵەت و حکومەتی شورایی و بەرنامەی ئازادی ویەکسانی وخۆشگوزەرانییە. دەبا بەخەباتی یەکگرتوانەو هوشیارانەمان بایکۆتکردنی ئەم هەڵبژاردنە بکەینە سەرەتایەک لەپێناو ئامانجە چینایەتیەکانی خۆمان ودانانی سنورێک بۆ سیاسەت و بەڵێنی درۆینەی دەسەلاتداران و لایەنەکانی بەشدارلەم هەڵبژاردنەدا.

**حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان**

16/2/2010




**ڕێگای بەغدا، ڕێگای ڕاکێشانی خەڵکی کوردستانە بۆناو گێژاوی تیرۆرو بێکاری وشەڕی نێوان دەستەو تاقمی قەومی وئیسلامی!**

## درێژەی ..
## ئاسایشی پارتی لەزاخۆ و ئاسایشی یەکێتی...

وسوکایەتی پێکردن بەپەیامنێرانی ڕۆژنامەی هاولاتی کەبۆ ڕووماڵ کردنی ڕووداوەکان چوبوون خۆی دوپات کرۆتەوە. لەلایەکی تریشەوە ئێوارەی ڕۆژی شەممە هێزێکی ئاسایشی سلێمانی هەڵیکوتاوەتە سەر مێزکتابی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری و سێ ئەندامیان بۆماوەی 2 کاتژمێر گل داوەتەوە وڕێگای بلاوکردنەوەی ئەدەبیاتی حزبیان بەستووە. لەگەرەکی ڕاپەرینیش شەوی 15و16 لایەنگرانی هەردوو لیستی هاوپەیمانی وگۆڕان دەستیان کرد بەدڕاندنی پۆستەرو لافیتەی یەکتر ولەئەنجامدا پێنج کەس لەلایەنگری گۆڕان کەوتنە بەردەم لێدان وهێرشی لایەنگرانی یەکیتی‌یەوە. هەر لەم فەزایەشدا ئیسلامیەکان دەچنە نێو ئاژاوەکەوە و چەند کادرێکی کۆمەڵی ئیسلامی هەڕەشە لەچەند لاوێک دەکەن کەگوایە وێنەی عەلی باپیریان دڕاندووە. ئاکامی ئەم هەڕەشەو پشێویەش لەڕۆژی 17ی مانگدا دوو کەس لەوانەی هەڕەشەیان لێکرابوو لەلایەن کۆمەلی ئیسلامیەوە سوکایەتیان پێدەکرێت ولێیان دەدرێت.

هەموو ئەم حاڵەتانە جگەلەوەی لەلایەن هاولاتیان و ڕۆژنامەنوسانەوە بۆتە مایەی ئیدانەو سەرکۆنەکردن، ڕاستەوخۆ نیشانەی قەبوڵ نەکردنی دەسەلاتدارانی یەکێتی وپارتیە بەلایەنی موخالیف وبۆ ئامانجی وەدەرنانی لیستە ڕکەبەرەکانی خۆیان پەنا بۆ سەرکوت و سنوردارکردنەوەی ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی و ڕۆژنامەگەری دەبەن تا فەزای هێنانەوەی دەنگ لەهەڵبژاردندا زامن بکەن.

## درێژەی..
## ئاژاوە و تەقەکردن وبەستنی ریگاوبان وتیکدانی ئارامی هاولاتیان، نیشانەی

بڕوابوونی ئەم دوولایەنە سەبەرەت بەمونافەسەی دیموکراسی و قەبوڵکردنی یەکتر و دەستاودەست پێکردنی دەسەلات لەڕێگای دەنگدانەوە بەدرۆ دەخاتەوە، بەڵکو لەبنەوە کەشو هەوای دەنگدانێکی ئارام و ئازادانەی هاولاتیان هەڵدەتەکێنێ و پێوانەیەک بۆ دیموکراسی بوونی ئەم هەڵبژاردنە ناهێڵێتەوە.

هاولاتیانی شاری سلێمانی نابێت لەبەرەی شەڕو بانگەشەی هەڵبژاردنی هیچکام لەم لیستانەدا قەراربگرن، شەڕو بانگەشەی ئەم دوولیستە نەلەدوور ونەلەنزیکەوە پەوەندی بەبەرژەوەندی و ژیانی ئێستاو داهاتووی ئەوانەوە نییە. شەڕی ئەمانە بۆ کورسەکانی پەرلمانێکی عروبی وئیسلامیە و قوربانی دان بوی بەهەدەردانی ژیان و تەمەنی ڕوەڵەکانیانە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان ئەم ڕووداوانە و هەر ڕوداوێکی‌تر کە دەبێتە مایەی تێکدانی ئەمنیەت وئارامی ژیانی هاولاتیان ئیدانە وسەرکۆنە دەکاو بەرپرسیاریەتیەکەی دەخاتە ئەستۆی بەرپرسیارانی هەردوو لاوە. هاوکات ئێمە و هاولاتیان خوازیاری بەرقەرابوونی ڕەوشی ئەمنەیەت وئاسایشی شارین، هەربۆیە تێکدانی ئارامی هاولاتیان هیچ بەهانەو پاساوێک لەلایەن هەرلایەکەوە بێت، هەڵناگرێت و دەبێ ئەم لایەنەنانە بەرپرسیارو پابەند بکرێن بە پاراستنی ئارامی وئاسایشی شارەوە.

هاولاتیانی شاری سلێمانی دەبێ بەهوشیاربەوە لەڕووداوەکانی شار بڕوانن وڕێگا نەدەن ژیان وئارامیان بخرێتە نێو کەمینی دولانەی لیستی گۆڕان وهاوپەیمانیەوە و ڕاستەوخۆش بەرپرسیارانی هەردولیست بەرپرسیارو پابەندبکەن بەپاراستنی ئەمنیەت وئاسایشی شارەکەیانەوە. هەڵبڕینی دەنگی ناڕەزایەتی وڕێگا گرتن لەئاژاوەگێڕی ئەم لیستانە ئەرکی ئێمەو هاولاتیانی شارە.

**کۆمیتەی سلیمانی**

**حزبی کۆمۆنستی کریکاری کوردستان**

**18/2/2010**

# پەرلمان وە یان کابینەی سەرۆک وەزیران نیوەشی ژن بێت، کێشەی ژنان چارەسەر نابێت!

## گفتوگۆ لەگەل ئالافەرەج لەبارەی هەلبژاردن و پرسی ژنان



**ئۆکتۆبەر: پێت وایە کێشەی ژنان لەڕێگەی زیادبونی ئەندامانی پەرلەمانی عێراق چارەسەر دەکرێن؟**

ئالا فەرەج: با لەسەرەتاوە وەلامی پرسیارەکەتان بدەمەوە پاشان دەچمە سەر شیکردنەوەی وەلامەکەی خۆم. بەبڕوای من نەخێر بونی ژنان یان زیاد بونی ڕێژەکەی کێشەی ژنان چارەسەر ناکات. ئەگەر چی من بوونی ژنانم لە پەرلەماندا پێی باشترە لە نەبوونی.

کێشەی ژنان کێشەیەکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەسیستەمی کۆمەلایەتی وولات یان ناوچەیەکەوە هەیە. پێش ئەوەی باس یان کێشە ئەوەبیت کە ڕێژەی ژنان لە پەرلەمانی عێراقدا چەندە، پرسیارەکە ئەوەیە، کە سیستەمی کۆمەلایەتی لە عێراقدا چۆن بەڕیوە دەبرێتو بەپێی کام پێوانە. باشترین پێوانە بۆ ئەوەی هەر کەسێک ئاگاداری جێگاو ڕێگای ژنان بێت لەهەر وولاتێکدا دەستور و یاسای باری کەسێتی‌یە. کە لیرەوە سەرنج دەدەین دەبینین کە ژن لەکۆمەڵگای عێراقدا بەپێی یاسا و دەستور نەک تەنها ئینسانێکی پلە دووە، بەڵکو لەوە زیاتر لەسەر بناغەی مەزاهیبی جۆراوجۆری ئاینی مامەڵە بە وجودی ئینسانی ژنەوە دەکرێت. واتە عەقلیەتی باو وە عەقڵیەتی زاڵی کۆمەڵگای عێراق کە بەیاسا جێگر کراوە و فەرزکراوە بەسەر کۆمەلگادا "واتە بە سەر ژنو پیاو و منداڵو گەورە ساڵدا"، عەقڵیەتو یاسایەکی پیاو سالاری‌یە، کە "ژن" تیایدا ئینسانو بونەوەرێکی کۆمەلایەتی کامڵ نییە. بەم پێییە ئەو پرنسیبو یاسانەی کاری پێدەکریت بەپێی دەستور، پرنسیبو یاساگەلێکی پیاو سالارانەیە. جا پەرلمان یان کابینەی سەرۆکایەتی وەزیران ئەگەر نیوەشی ژن بێت هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، چونکە ئەوەی مامەڵەی پێدەکرێت و کۆمەڵگای پێ بەڕێوە دەبرێت دەستور یاساکە دانراوە لەلایەن کۆمەڵێک هێزی سیاسیەوە کە دەوڵەتیان پێکهێناوە. کەواتە باسەکە باسی چوارچێوەی سیاسیو فکری ئەو هێزانەیە کە لەدەسەلاتدانو دەستورو یاساکانی وولاتیان داناوە لەلایەک لە لایەکی دیکەوە ڕوانگەو بۆچونی ئەوهێزانە بۆ ژن .

بۆیە هەروەکو ووتم سەرەڕای ئەوەی من پێم باشە کە ژن لە پەرلەماندا هەبێت بەلام بونو نەبوونی هیچ لەکێشەی ژنان ناگۆڕێتو کێشەی ژنان لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە، ئەگەر بێتو گشت سیستەمی کۆمەلایەتی وولات ئاڵوگۆری بە سەردا نەیەت بە قازانجی کۆمەڵگا وە بە قازانجی ژنان .

**ئۆکۆتبەر: پێت وایە لیستە جیاجیاکان مەبەستیانە کێشەکانی ژنان چارەسەربکەن؟ یان تەنها دەیانەوێت لەو ڕێگەیەوە دەنگی زۆر بۆخۆیان کۆبکەنەوە؟**

ئالا فەرەج: ئەم باسەقسە زۆر هەڵدەگرێت. بەلام ئەوەندەی من لیستەکان بناسم. ئەوە ڕۆشنە کە جیاوازییەک هەیە لەنێوان لیستو هێزە سیاسییە جیاوازەکانی دەسەلاتداری ئەمرۆ. من دەزانم کە جیاوازی هەیە لەنێوان هێزەکانی ئیسلامی سیاسیو هێزە نەتەوایەتیەکان بەکوردو عەرەبەوە. ئەوە ڕۆشنە کە لەنێوان هێزە جیاوازەکان تیرڕوانین بۆ ژن جیاوازە، تاریکترین تیرڕوانی بۆ ژن وجێگاو ڕێگای ژن لە کۆمەڵگدا، تیرڕوانینی ئیسلامی سیاسییە .

بە بڕوای من، بەجیا لە جیاوازی نێوان هێزو لیستە جیاوازو زۆرەکان لە عێراقی ئەمڕۆدا، بەلام هەموو یان لە یەک خاڵدا هاوبەش ئەویش هێشتنەوەی " ژن"ە وەکو ئینسانیکی پلە دوو لە کۆمەڵگادا. جیاوازییان لەوەدایە کە ڕێژەی پلە دووییەکە چەندەیە، ئایا ژن هیچ مافێکی نییە یان کەمێک مافی هەیە، کە واتە جیاوزاییەکانیان جیاوازییەکی بناغەیی نییە بەلکو نیسبییە، هەر بۆیە دەتوانن لە سایەی هەمان پرۆسێسی سیاسیو دەستوری‌دا پێکەوە هەڵبکەنو ململانێی سیاسی بکەن .

ئەمرۆ لە عێراقدا بونی ڕێژەیەک لە ژنان لە پەرلەماندا، بۆ ڕازانەوەی پرۆسەی دیموکراتیەکە کە بەڕیوە دەچێت. چونکە ناکرێت سیستەمەکەت ناو بنێیت دیموکراسی بە لام ژن لە پەرلەمانی وولاتەکەتدا نەبێت. بەلام پرسیار ئەوەیە ژنانی نێو پەرلەمان هیچیان پێدەکریت بە قازانجی کێشەی ژنانو زیادکردنی مافەکانی ژنان؟ بە بڕوای من نەخێر. نەک هەر ئەوەندە بەڵکو هەر باسی ناکرێت. چونکە ژنانیک کە دێنە نێو پەرلەمانەوە و سەر بەم لیستانەن، مانا ئەوەیە کە چوارچێوەی فکریو سیاسی یان سەبارەت بە کێشەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگا یان ئەوەتا بە تەواوی جوتە یان نزیکە لێیانەوە. بەم پێیە پێش ئەوەی کە ژنێک ببێتە ئەندامی پەرلەمان لە عێراقدا، سنوری خۆی دەزانێتو ناچارە پابەند بێت پێوەی. دیارە لەم نێوەدا بۆ لیستەکان باسی کەمپینی هەڵبژاردنو کۆکردنەوەی دەنگیش دەبێتە مەسەلەیەک بەتایبەت پێش هەڵبژاردن.

**ئۆکتۆبەر: پێت وایە کاندیدە ژنەکان دەنگی پێویست بەدەست بهێنن؟**

ئالافەرەج: وەلامی ئەم پرسیارە لە کوردستانو لە عێراقدا بەگشتی جیاوازییەکی هەیە. لە کوردستان تا ڕادەیەک مافەکانی ژنان لە ئاستی کۆمەڵایەتی‌دا زیاتر ناسراوە، وە تاڕادەیەکی باشتر لەچاو شوێنەکانی تری عێراقدا ژنان جێگاو ڕێگایەکی باشتریان هەیە بەحوکمی بونی بزوتنەوەیەکی بەرفراوانی ژنان کە لە ڕاپەرینەوە دەست پێدەکاتو تا ئێستا درێژەی هەیە. بەلام باسەکە ئەوە نییە وە وەلامی پرسیارەکە پێم وابێت پێویستە لە ڕوانگەیەکی دیکەوە بدەینەوە. بونی ژن لە پەرلەماندا یاسایە، واتە دەبێت ژن هەبێت لە پەرلەماندا. جا ڕێژەکەی 25% یان کەمترە یان زیاترە ئەوەیان دواتر ئەچینە سەری. بۆیە کە یاسایە لیستەکان ناچارن بۆ ئەوەی بلێن سیستەکەمە کەم مو کوری کەمترە و دیموکراسییە، ژمارەیەک ژن ناونوس بکەن لە لیستەکەیاندا. ئەمە خالێک، خالی دووەمی ئەوەیە کە ئێمە لەعێراقی ئەمڕۆدا ناتوانین زامنی هەڵبژاردنیکی پوختو نەزیهو شەفاف بکەین، بەم پێیە ئەوە نا خەملێنرێت کە ئایا ژنان دەنگی پێویست بەدەست دەهێنن یان نا بەلام بەحوکمی سیستەمی هەڵبژاردنی ئێستاو یاسایەکە کە هەیە ژنان لە پەرلەماندا دەبن.

بەلام ئەگەر هەڵبژلردنیکی شەفاو نەزیهو دور لە تەزویر بکریت من پیم وایە ژنان بە تایبەتی لەکوردستاندا ژمارەکی باش دەنگ دەهێنن.

# هەڵبژاردنو گەڕانەوە بۆ کێبەرکێی تیرەگەریی



حەمە غفور
hamagafur@gmail.com

### پێغەمبەرانی دیموکراسی عێراق!

کۆمەڵگای داغانی عێراق بڕیارە 7ی مارسی ئەمساڵ لەژێر گوشاری ئەمریکاو ڕۆژئاواو حیزبو هێزو لایەنە قەومیو ئیسلامیو عەشیرەییەکانی عێراقو کوردستاندا، جارێکی تریش بخرێتەوە موزایەدەی هەرزانبەهای تاقیکردنەوەی دیموکراسی پارلەمانیەوەو لە سیناریۆیەکی نوێدا دەسەڵاتی سیاسیو قودرەتی ئابووریو نفوزی کۆمەڵایەتی هێزە باڵادەستەکان سەرلەنوێ دابەش بکرێتەوە. دیسانەوە لە ڕێگای ڕێکەوتنو تەوافوقاتی سیاسیەوە وادیارە کۆمەڵگای سی ملیۆنی عێراق ئەکرێتەوە بە کەرەسەو داروپەردووی دیموکراسیەکی موزەیەفو کۆپیکراوی بێگیانو بێبناغەو هەیەجانێکی نابەجێو ناجۆری هەڵبژاردن دەئاڵێننەوە جەستەی شەتەکو بێبڕستی خەڵکو کۆمەڵی عێراق.

ئەوەی ناوی لێنراوە پرۆسێسی دیموکراسی لە عێراقدا شتێک نیە جگە لە قاوغێک یان کلێشەیەک بۆ تەوافوقی سیاسیو دابەشکردنی دەسەلاتو سەروەتو سامانی ئەم کۆمەڵگایە لە نێوان ئەو هێزو لایەنە قەومیو ئیسلامیو تائیفیانەی پێکهاتەی حکومەتی تەوافوقیان تەواوکردووە.

پێغەمبەرانو سیمبۆلەکانی ئەم بانگەشە هەشو پوچەڵە دیموکراسیە بریتین لە؛ تاڵەبانی، بارزانی، سیستانی، ئەلحەکیم، ئەبو ڕیشە، موتڵەگ، هاشمیو مالکیو عەبدولمەهدیو ئەوانی تر. خەڵکی ئازادەی کوردستانو عێراق لە من باشتر دەزانن کە ئەم کەسایەتیانە خۆیان ڕەمزی کۆنەپەرستی قەومی، کۆنەپەرستی ئاینی، کۆنەپەرستی تائیفیو سیاسین. ئەمانە خۆیان هێمای دەستەبەندیکردنی هاوڵاتیانی ووڵاتن لەسەر بنەمای نەتەوە، ئایین، تائیفە، زمانو جوگرافیای سیاسی، خۆیان برەو ئەدەن بە ڕکابەریو قینلەدڵیی قەومیو ئایینیو ئیتنی لە نێوان پێکهاتەکانی عێراقدا، خۆیان بانگەشە بۆ دەمارگیریو هەڵاواردن بۆتە نەریتی سیاسیان. خۆیان چاوگی دەمارگیری قەومیو دینیو تائیفیو ئیتنی جۆراوجۆرن. ئەم ڕەمزو سیمبۆلانە لە مێژووی خۆیاندا کوا زەڕەیەک بڕوایان بە مۆدێرنیزمو سکۆلاریزمو پێکەوەژیانی سەرفرازانەو هاوچەرخ بووە. کوا وە لە کوێ نیشانەیەک لە کارامەییان لە خۆیان نیشانداوە بۆ برایەتیو یەکترقبوڵکردن. ئەمانە لەبەردەم کامێراو ڕای گشتیدا دەبنە خواوەندی دیموکراسی، بەڵام لە واقعداو لەسەر ئەرز هارترین شەڕەنگێزو ئاورخۆشکەری پاکسازی قەومین. لە بانگەشەو ململانێکانیاندا بە ئاشکرا هەڕەشەی سڕینەوەو بەکەم سیرکردنی قەومو نەتەوەو هەڵگرانی ئایینی بارامبەرن! ئەم نوێنەرانەی جەهلو دواکەوتووییو ڕەواجەدەری شەپۆلی بەرتریی قەومیو ڕەگەزیو ئیتنی، چۆن ئەکرێ پەیامبەری ئۆقرەیی، بانگەشەکەری پێکەوەژیانی برایانەو یەکتری قبوڵکردنو ململانێی شارساتانیو دیموکراسیانە بن!؟

ڕابەرانی ئەم حیزبو هێزانە خۆیان داهێنەری ڕکابەریی قەومیو یەکتربڕینەوەی تائیفیو ئایینیو عەشیرەیی بوونو هەن. دیموکراسی لە داوێنی ئەم سیمبۆلە سنووردارانەوە، پارلەمانو سیستەمی دیموکراسی لە هەگبەو ئەژێندای سیاسی ئەمانەدا، جگە لە سکانداڵێکی بێوێنەی دیموکراسی بە مانا باوەکەشی شتێکی تری لێناوەشێتەوە. دیموکراسی لە دیدگاو فەرهەنگی ئەم ڕەمزانەدا واتای ڕیزبەندی هاوڵاتیانی وولات لەسەر بنەمای قەومیو ئایینیو تائیفیو ئیتنی ئەدات بەدەستەوە لەژێر کۆنترۆڵو دەسەڵاتو سەروەریی ئەمانە خۆیاندا. خەباتو ململانێی پارلەمانیش لە ئاوەزی ئەم سیمبۆلە کۆنانەدا مانای ڕێکەوتنو تەوافوقاتو مامەڵەی پشتی پەردەو لە سەرەوەی خەڵکو جەماوەرەوە لەلایەن ئەم ڕابەرانە نیشانئەدات. هەڵبژاردنو پرۆسەی سیاسیو بانگەشەی لیستو قەوارەکانیش بە شێوەی گشتی، چاوبەستی جەماوەرو وەرگرتنی پەنجەمۆری خەڵکیە بۆ شەرعیەتدان بە دەسڕۆیشتوویی خۆیان بەسەر موقەدەراتی کۆمەڵگاو هاوڵاتیانەوە .

هەڵبژاردنو پرۆسێسی دیموکراسیو بانگەشەی هەڵبژاردنو کێبەرکێی لیستو قەوارە جۆراو جۆرەکان، جێگاو بایەخی دەنگی خەڵکو هەڵبژاردنی جەماوەری تێدا بێ نرخو بێ بەهایە. بەشداری خەڵکو جەماوەر لەم کایە سیاسیەدا مانای شتێکی لێناکەوێتەوە بۆ قازانجی هاوڵاتیان. تەنهاو تەنها ڕوکەشێکە بۆ جوانکردن یان بۆ ڕەسمیەتدان بە تەوافوقاتی نێوان هێزو لایەنەکان. هەر جۆرە دەخالەتو بەشداریەکی جەماوەر جگە لە گۆڕانێکی ڕووکەش لە تانوپۆی سیاسیو هێزهاوسەنگی وولاتدا، هیچ جۆرە کاریگەریو نەخشێک یاری ناکات بە واتای دەخالەتی سیاسی هاوڵاتیان لە شێوەو چۆنێتی حوکمڕانیو دەسەڵاتو دامەزراندنی دەوڵەتو دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکو کۆمەڵگادا. هەڵبژاردن واتای فریودانی گشتیە بۆ پچڕینی شەرعیەتی نوێنەرایەتی ئەم هێزانە. تەنانەت ناچیزترین ڕیفۆرمی سیاسیو ئابووریش بەبێ گوشارو نارەزایەتی گشتی ناچێتە دەستووریانەوە. پەیامی سەرەکی هەڵبژاردن تەنانەت ڕیفۆرمیشی تیا نیە. جەنگێکە بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی وولات.

ئەگەر بێتو کۆمەڵگا گوێ لەم سیمبۆلانە بگرێو پرۆگرامو نەخشەو پلاتفۆرمی ئەم هێزو لایەنانە وەکو تەنیا ڕێگاو تەنیا ئەڵتەرناتیف پەسەند بکات، من پێموایە هەڵەیەکی کوشندەیە، وە کۆمەڵگای عێراقو ژیانی کۆمەڵایەتیو چارەنووسی چەندین ملیۆن ئینسان لەنێو تونێلی ڕەشو تاریکی ئەم هێزانەدا بۆ چەندین ساڵی تریش ئەهێنرێو ئەبرێت.

**هەڵپەی دەنگ کرین لە کوردستان!**

بەڵام لە کوردستان، لەودیوی شاشەی تەلەفزیۆنەکانی لیستو حیزبو قەوارەکانەوە، لە دەرەوەی نەشئەو حەماسەی هەڵچوونو گرژبوونی لایەنگرانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانو لیستی گۆڕانەوە، لە شوێنێکی جیا لە جێگاو مەکانی هەڵمەتی نابەجێو ڕەوتاری ناشارستانیو نالایەقو منالانەی لایەنگرانو بەنگەشەکەرانی لیستی هاوپەیمانیو لیستی گۆڕان لە سلێمانیو دەوروبەری، لە نێو قووڵایی دڵو دەروونی ملیۆنیی خەڵکی کوردستاندا، لە ناخەوە لە قووڵایی ویژدانی ئەم کوردستانەدا، کەڵکەڵەیەک، ئارەزوویەک یان تەوژمێکی پێچەوانە پێکەنینی بەم دیموکراسیو پارلەمانو بانگەشەیە دێت! جەماوەرێکی فراوانو بێئەوپەڕ لە کوردستان ئەم ڕۆژانە خەمو عەزابی ئەم ئاکارو ڕەفتارە ناشارستانیو ناسەردەمیو تەنانەت نادیموکراسیانەیەش کەوتۆتە سەر شانیان. خەڵکی کوردستان ئەم هێزانەو دەسەلاتو تەنانەت دیموکراسیو هەڵبژاردنی پارلەمانیشیان وەکو حالەتێکی ناچاری قبووڵکردووە، دەنا ڕۆژو سەعات دەبژێرن بۆ پاڵپێوەنانیان بۆ نێو یادەوەری مێژوو.

ڕەوتاری ناشارستانیو نالایەقو منالانەی لایەنگرانو بانگەشەکەرانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانو لیستی گۆڕان لە سلێمانیو ناوچەکانی دەوروبەری نە ئاکارێکی ئاساییەو نە بە دیموکراسیو کەلتورو فەرهەنگی دیموکراسیانەوە بەندئەبێتەوە. سیمای ناشیرنی سازکردنی هەڵلاو قەڵەباڵغیو هوهاکێشانو قاووقیژنانەوە لە سەنتەری شارو ناوەندی کارلێکی ڕەهەندو ڕەواڵی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیاندا، زیاتر مۆرکی کۆنو دوور لە شارو شارستانیەتی پێوە دیارە تا بانگەشەی تەندروستی هەڵبژاردنو نیشاندانی مۆدێلێکی جوانو بەرزو سەردەمیانەی بانگەشەکانو شێوازو زمانی وەشاندنی پرۆگرامی خۆو گەیاندنی بە ڕای گشتی. کلۆڵیو دەسکورتی جووڵانەوەی کوردایەتی لە هەمبەر پرەنسیپەکانو ڕێوشوێنەکانی ململانێی دیموکراسیانەو چیکەڵدانەی گچکۆکەی سەبارەت بە سەرەتاکانی یەکترقبوڵکردنو پێکەوەژیانو پێکەوەهەڵکردن بە جوانی بە پرۆسەی دیموکراسیو هەڵمەتی بانگەشەکانی هەڵبژاردنەوە دیارە .

پێئەچێ ئەوەی لە سلێمانی ڕووئەدات پەرچەکرداری نەریتێکی سەردەمی ململانێی شاخو کەلتووری خێڵەکیو قڕکردنی سەردەمی تیرەو میرەکانی ڕابردوو بێت ئێستا بە فەنتازیایەکی نوێوە خەریکە داستانەکانی خۆی دووبارە ئەکاتەوە. ئەسڵو بنەما لە پرۆسەی دیموکراسیو بانگەشەی هەڵبژاردندا ئارامیو ئۆقرەییو ئاسایشی کۆمەڵگاو هاوڵاتیانو سەروماڵو گیانیانە، کەچی لە بانگەشەی ئەم هێزانەدا بەهای پووشێکی بۆ دانەنراوە .

حەماسەتو گرژیو پێکهەڵپژانو شەڕەدەنووکی لایەنگرانی ئەم لیستانە، بێئەوەی ڕێز بۆ هیچ پرەنسیپێکی ژیانی کۆمەڵایەتیو شارستانی دابنێن، بەرلەوەی لە چوارچێوەی بانگەشەی هەڵبژاردندا جێگای بۆ دابنرێت، زۆرتر لە حەڵاڵکردنی بەرتیلێک دەچێت کە دابەش ئەکرێت بەسەر کەسانی سادەلەوحدا. دوو لیستی دژ بەیەک، کە خاوەنی ملیارد ملیارد دۆلاری بەتاڵانبراوی ئەم کۆمەڵگا ستەمدیدەیەن، یانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانو لیستی گۆڕان، خەریکن لە کایەیەکی سیاسی نادیموکراسیو دوژمناکارانەدا، بە زەبری سەروەتو سامانیان، لە ڕێگای بەرتیلدانەوە کۆمەڵە کەسانێک کۆئەکەنەوەو بەرامبەر یەکتریان ئەکەنەوە، کە بە تەواوی خەڵکیان هەراسان کردووەو ئارامیو ئیسراحەتیان لە شار حەرام کردووە.

ئەم باڵڕاوەشاندنو شەڕە پەڕۆو شەڕە لۆگۆیە، زۆرتر لە داستانی شکاندنو دەرپەڕاندنی تیرەو تایەفەکان دەچێت نەک ململانێی دیموکراسی هەتا تاڵەبانیو بارزانیو نەوشیروان پەیام بڵاوبکەنەوەو داوای ئارامیو ڕێزگرتنی یاسا لە ڕەشەلەشکرەکانیان بکەن. ئەمەی ئێمە دەیبینین بێڕێزی کردنە بە بنەماکانی دیموکراسیو ژیانی شارستانی، وە لەکەدارکردنی مێژوو وە ڕەوتی پێشکەوتنو مەدەنیەتە. بۆیە هەق وایە خەڵکی کوردستان لەپای ئەم مامەڵەیەی لیستو قەوارە سیاسیەکاندا، گاڵتەجاڕی هەڵبژاردن بایکۆتو ڕیسوا بکەن.

18شوبات2010

دوا لاپەڕە
ژمارە (1) 22/2/2010

October

سەرنووسەر: خەسرەو سایە

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
www.hkkurdistan.org
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk
:october_917@yahoo.com

دەستەی نووسەران: موزەفەر عەبدولا، حەمەغفور، نوری بەشیر، سامان کریم، سەعید ئەحمەد، عامر سابیر، عەبدولامحمود، محسن کەریم، جەمال موحسین، شوکاک عبدالستار، تاهیر حەسەن، جەبار موستەفا
پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە سەرنووسەرەوە:
مۆبایل: 07708924173 یان 07707679334
نۆرماڵ: 3128931 نوینەری دەرەوە: نوری بەشیر 00447960669896

# ئاسایشی یەکیتی بۆ بەرگرتن بەدەنگی بایکۆت، هەلسواروانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان لەشاری سلیمانی دەستگیرکرد!



ئەمرۆ رۆژی شەممە ریکەوتی 20/2/2010 کاتژمیر 5ئیوارە، مەفرەزەیەکی ئاسایش هەلیان کوتایەسەر پیکیتی تەبلیغاتی حیزب کەلەبەردەم باخی گشتی لەشاری سلیمانی بۆ هوشیارکردنەوەی هاولاتیان بەناوەرۆکی سیناریۆیی گالتەجاری هەلبژاردن، سازدرابوو، لافیتەو بلاوکراوەی ئۆکتۆبەروبەیننامەی حزبیان کۆکردەوە و هاوریان دەشتی جەمال و وەستاحسین سالح و جەمال جەبار یان لەگەل خۆیان بردو بۆماوەی دووکاتژمیر لەبەریوەبەرایەتی گشتی ئاسایش دوای قەوباسکردن لەگەلیان ئازادیانکرد. راستەوخۆ لەشوینی رووداوەکەدا هاوری نەوزاد بابان ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزب بۆ بەرگرتن بەم هەنگاوەی ئاسایش کەوتە کۆکردنەوەی خەلکی ئەو ناوچەیەو لەمیتینگیکدا لەبارەی پەلامارەکەی ئاسایشەوە قسەوباسی بۆ خەلکەکە کرد. شایانی باسە پیکیتی حزب لەرۆژانی دەستپیکردنی بانگەشەی هەلبژاردنەوە لەهەمان شوین سازدراوە وەدەدریت.

ئەم هەنگاوەی ئاسایشی یەکیتی لەچوارچیوەی کیشەو ئاژاوەی چەند رۆژی رابردووی نیوان لیستی گۆران و هاوپەیمانیتی‌دا هاتۆتەکایەوە و یەیکیتی نیشتمانی ناچار کردووە بەمیلیتاریزەکردنی فەزای شارو سنوردارکردنەوەی ئازادی هەلسوارنی سیاسی. حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان ویرای ئیدانەکردنی ئەم کردەوەیەی ئاسایشی یەکیتی هاوکات ئەم کردەوەیە بەپیچەوانەی ئازادی هەلسورانی سیاسی دەزانی.

**کۆمیتەی سلیمانی**
**حزبی کۆمۆنیستی کریکاری کوردستان**
20/2/2010

# هێرش و پەلاماردانی دەزگاکانی ئاسایش یەکێتی بۆسەر پەیامنێرانی ڕۆژنامەی هاولاتی و ڕۆژنامەنوسان ئیدانە دەکەین!

لەچوارچێوەی بانگەشەی هەڵبژاردن و توندبوونەوەی کێشەو بارگرژی نێوان لیستی هاوپەیمانی کوردستان و لیستی گۆڕان و تێکدانی ئەمنیەتی هاولایتیان، هێزەکانی ئاسایشی یەکیتی نیشتمانی بۆ بەرگرتن لەدەرخستنی ڕاستەیەکان و ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتی چەندین حاڵەتی دەستدرێژی و لێدان وسوکایەتی کردن بەڕۆژنامەنوسان بۆتە دیاردەیەکی ڕۆژانە. لەم نێوەدا پەیامنێرەکانی هاولاتی کەبۆ ڕومالکردنی ڕووداوەکانی ئەم بارگرژیە و دەرخستنی ڕووڕی ڕاستی ئاژاوەگێڕان و تێکدەرانی ئەمنی لەمەیداندا بوون. لەماوەی یەک هەفتەی ڕابردوودا 3ی حاڵەتی دەستدرێژی ڕووبەڕوویان بۆتەوە. سەرەتا ئارا ئیبراهیم بەرپرسی پەیامنێرەکانی ڕۆژنامەی هاولاتی کەبۆ ڕووماڵکردنی بارگرژی نێوان لیستی هاوپەیمانی و گۆڕان لەشەقامی سالم ئامادەبوو دەکەوێتە بەردەم پەلاماری پیاوانی ئاسایش و دوای لێدان وسوکایەتی پێکردنی، کامیراکەی لێدەسەندرێت، ئەمەلەکاتێکدایە کەئارا ئیبراهیم پێناسی سەندیکای ڕۆشنامەنوسان و هاولاتی نیشان داوون، بەلام هیچ ئیعتبارێکیان بۆ پیشەکەی نەکردووە بەدوای ئەودا پەیامنێرێکی‌تر ڕووبەڕووی هەمان حاڵەت بۆتەوە و ئێوارەی ڕۆژی شەممە کاتژمێر 7 ونیو، سوران ئەحمەد پەیامنێری هاولاتی ڕووبەڕووی دەستدرێژی هاوشێوە بۆتەوە. لەبەرامبەر ئەم دەستدرێژیانەدا دەزگاکانی ئاسایش لەزمانی عەمید حەسەن نوری، بەڕێوەبەری ئاسایشی سلێمانییەوە بێئاگایی خۆی لەم ڕووداوانە ڕاگەیاندووە.

دەستدرێژی و لێدان وسوکایەتی پێکردن بەڕۆژنامەنوسان لەچوارچێوەی ئەو بارگرژیەدا هاتوتە کایەوە کەلەسەردەمی دەستپێکردنی بانگەشەی هەڵبژاردندا توندبووتەوە و فەزایەکی نائارامی بەسەر هاولاتیاندا داسەپاندووە و دەسەلاتدارانی یەکیتی نیشتمانی ناچار کردووە بۆ بەرگرتن پێی دەست بۆ میلیتاریزەکردنی فەزای شارو بەرتەسک کردنەوەی ئازادی هەڵسواڕنی سیاسی و ڕۆژنامەگەری بەرێت. ئێمە وێرای ئیدانەکردنی ئەم دەستدرێژیانە، دەسەلاتداران بەرپرسیار دەکەین لەپاراستنی ئەمنیەت و ئاسایشی هاولاتیان و زامنکردنی ئازادی هەڵسوورانی سیاسی و ڕۆژنامەگەری. هاوکاتیش بەتەواوی توانامانەوە لەکەنار هەوڵ وماندوونەبوونی پەیامنێرانی ڕۆژنامەی هاولاتی وهەر ڕۆژنامەیەکی‌تر، بۆ نیشاندانی هەقیقەتی کارنامەی دەسەلاتداران و هەڵسوکەوتی لیستەکانی بەشدار لەم هەڵبژاردنەدا، بەتەواوی توانامانەوە ڕادەوەستین.

**کۆمیتەی سلێمانی**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری**




# بەشداری لە هەڵبژاردنێکدا مەکەن کەسیاسەتی گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران بەسەرمانەوە دەهێڵێتەوە!.

**پەنابەران لە هەندەران! پەنابەرە دیپۆرتکراوەکان لەکوردستان!**
**کەسوکاری پەنابەران! کەسوکاری قوربانیان لەرێگای ژیانی پەنابەریدا!**

جارێکی دیکە بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق لەدەرەوەو لە ناوەوەی عیراق و کوردستان دەستی پێکردۆتەوە و هێزو قەوارە سیاسییەکان کەوتوونەتە پرۆپاگەندە وبەخشینەوەی بەڵێنی درۆیینە بەهاولاتیان، تا بتوانن جارێکی دیکە کورسیەکانی دەسەلات لەنێو خۆیاندا دابەش بکەنەوە. ئەو هێزانەی کەلەماوەی 7ساڵی ڕابردوودا هۆکاری ئاوارەی ودەربەدەری بێ خانەو لایەنەیی وبێکاری وپێشێلکردنی سەرەتارین مافە ئینسانیەکانی ئێمەیان کردووە وکۆمەڵگایان لەگەڵ تاریکترین ڕۆژگاردا ڕووبەڕوو کردۆتەوە. کەچی ئێستاش داوا مان لێدەکەن بەرەو سندوقەکانی دەنگدان بچین ودەنگیان پێبدەین.

ئەشێ هەمومان ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین کەبۆ دەبێت لەهەڵبژاردنێکدا بەشداری بکەین کەدەستەوتاقمێک دەنگی تیابهێننەوە، کەسەرچاوەی بەلاو دەردەسەری و ڕاپێچ کردنی کۆمەڵگا بوون بۆ شەری تایفەگەری ومەزهەبی وکۆنەپەرستی. شەڕێ کە بۆ ژێرپێنانی مافەکانی ژنان ومندالان سەرجەم هاولاتیان و بۆ دابەشکردنی داهاتو سامانی کۆمەڵگا بووە لەنێو خۆیاندا؟ کەوایە بۆ دەبێ بەشداری هەڵبژاردنێک بکەین کە هەر ئەم هێزانە کەسەرچاوەی ئاوارەیی و دەربەدەریی بوون ئێمە؟ بۆ دەبێ لە هەڵبژاردنێکدا بەشداری بکەین کەدەنگ بدەین بەوانەی کەبەرپرسی ڕاستەوخۆی لەناوچوونی دەیان لاوی کوردستانن لەنێو تۆڕی مین و کەوتن بەسەر حەقلی ئەلغام وخنکان لەنێو دەریاکان وکوشتن بەدەستی جەندرمەکانی تورکیاو ئێران و ولاتانی دیکە بوون؟ بۆ دەبێ دەنگیان پێبدەین کە بچوکترین بەرپرسیارێتیان بەرامبەر بەسەدان لاوی ئەم کۆمەڵگایە نیشان نەداوە کەلە گرتووخانە دەست بەسەرەکانی بەریتانیا و سوید ونەرویج و هۆڵندا و بەلجیکادا یەخسیربوون، وەیان لەنێو جەنگەلەکانی فەرەنسادا لەگەڵ ئەو پەری ژیانێکی نامرۆڤانەدا بەرەرو ڕووبونەتەوە؟ بۆ دەبێ دەنگ بەو لایەنانە بدەین کەبەتەواوی توانایانەوە کەوتوونەتە ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەیەک، کەبازرگانی بەژیان و چارەنوسی ئێمە پەنابەرانەوە دەکەن؟ لەبیرمان ناچێت کە لەماوەی ڕابردوودا هەموو ئەم هێزانە بۆ ئیسکۆرت کردنی وولاتانی ئەوروپا ئەوپەڕی هاوکاریان کردو ئیستاش دەیکەن؟ ،ئایە دانی زانیاری و کردنەوەی دەرگای فرۆکەخانەکانی بەغدا وهەولێرو سلێمانی بەڕووی پەنابەرە دیپۆرتکراوەکاندا کافی نییە بۆ ئەوەی کەلەسیاسەتی دووفاقەی دەسەلاتداران تێبگەین؟ ئایا سەرانی حکومەتێک کەهاولاتیانی بەزۆر نێردراوەی خۆی ئیهانەو سوکایەتی و شەقکاری بکاو ئامادە بێت بۆ دارمانی ژیانیان بازرگانی بەچارەنوسیانەوە بکات، شایانی ئەوەیە دەنگیان پێبدرێت؟ ئایا ئەمانە شایانی ئەوەن بچنە نێو پەرلەمانەوە یان لەسەر کارنامەی نامرۆڤانەیان بدرێن بەدادگاو لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکرێ؟

**ئازیزان!**
ماوەی زیاتر لەسێ ساڵە ئێمە داخوازیەکانی پەنابەران وکەسوکاری پەنابەرانمان خستۆتە بەردەم بەرپرسیارانێکەوە کەئەمرۆ خۆیان کاندید کردوەو داوامان لێکردون ئەو ئیتفاقیانە هەڵوەشێننەوە و چیتر هاوکاری وولاتانی ئەوروپا بۆ ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران نەکەن. داوامان لێکردون پەنابەرە دیپۆرت کراوەکان قەرەبۆ بکەنەوە و ماف وحورمەتی ئینسانی ئەم پەنابەرانە بپارێزن وکۆمەکیان پێبکەن بە دامەزراندنەوەی ژیانیان. ئەمە لەکاتێکدایە کە کەسوکاری ئەم پەنابەرانە بوونەتە قوربانی سیاسەتی بەزۆر ناردنەوەی پەنابەران. بەلام تا ئێستا نەک هەر ئەوەی هیچ ولام وکردەوەیەکیان لەخۆ نیشان نەداوە، بەڵکو بەردەوامن لەکۆمەک و هاوکاری ئەم سیاسەتە دژی ئینسانیەی ولاتانی ئەوروپا، ئیتر ئێمە بۆ دەبێت بەشداری لەهەڵبژاردنێکدا بکەین کەدەسەلاتی هەرئەمانە بەسەر ژیان و چارەنوسی ئێمەوە زاڵدەکاتەوە؟

لەم هەڵبژاردنە بەشداری مەکەن، ئەم هەڵبژاردنی پێچەوانەی بەرژەوەندی ئێمەی پەنابەرا و خەلکی زەحمەتکێشە. بەڵکو ئەمە پرۆسەی دابەش کردنی نفوز و دەسەلاتە بۆ دابەش کردنی سەروەت و سامانی کۆمەڵگا لەنیوان کۆمەڵە لایەنیکی سەرمایەدارو موفتەخۆردا. ئەمە ئەڵقەیەکی ترە لەنەخشەو سیاسەتەکانی ئەمریکا ودەست و پێوەندەکانی لەڕاستای ژێر پێنانی ئیرادەی خەڵکی عیراق و کوردستاندا. دەنگ مەدەن بەئەوانەی سەروەت و سامانی کۆمەگایان بۆخۆیان قۆرخ کردوە وگەندەڵی پەرە پێ دەدەن. ئەمانە ژیانی کۆمەلگا لەوە باشتر ناکەن کەهەیە و بگرە ئایندە بەرەو هەڵدێر و نەهامەتی زیاتر دەبەن. دەنگ مەدەن ئەمانە سات و سەوداو بازرگانی بەژیان و چارەنووسی ئێمەی پەنابەرانەوە کردووە ودەیکەن. دەنگیان پێ مەدەن تا لەپەنجە مووری ئیمە سود وەرنەگرن بۆ شەرعیتدانەوە، بەسیاسەتی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران و پاشان پێمان بڵێن کوردستان "ئامن و دیموکراسی‌یە"!. دەنگیان پێ مەدەن و بەهانە مەدەنە دەست وولاتە ئەوروپایەکان بۆ ناردنەوەتان. بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا ڕێگای ئێمە نی‌یە. تەنها وتەنها بەبایەکۆت کردن و بەشداری نەکردنمان دەتوانین ڕاوەستان لەسەر خواستەکانی خۆمان زامنبکەین. ئەمە هەڵوێستێکی دروستی ئەم دەوەرەیەی بزوتنەوەی ئێمە پەنابەرانی کوردستانە. دەبێ ئێمە پەنابەران چاومان لەخەباتی سەربەخۆی خۆمان بێت و بەپشتیوانی ڕێکخراوە ئینسانی و پەنابەری یەکانی دنیا وبەپشتیوانی بەرەی ئازادیخوازی بۆ داسەپاندنی خواستەکانمان وهەڵوەشاندنەوەی سیاسەتی بەزۆرناردنەوەی پەنابەران و ڕێکەوتنی دەسەلاتداران لەگەڵ ئەم سیاسەتە دژی ئینسیانیەدا، لەمەیداندا ڕاوەستین.

**دەبا دەنگمان، هۆکاریک نەبیت بۆ چەسپاندنی سیاسەتی دژی پەنابەری وولاتانی ئەوریا بەسەر ژیانمانەوە!**

**دەشتی جەمال**
**سکرتێری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی**
20/2/2010